www.hetaw.net
ژمارە (٧٧٨) چوارشەممە ٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨ی زایینی
ئاڵای ئازادی هەموو چوارشەممەیەك



دەشتی جەمال:

**بەبڕوای من سیاسەتو مامەڵەیەک کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەژیانو چارەنووسی پەنابەرانی کوردەوە دەیکات، تاوانێکی گەورەیە دەرهەق بەخەڵکی کوردستانو ئاکامی زۆر زیانبەخشی بووەو دەشیبێت، لەبەرئەوە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەجدی چاوێک بەو سیاسەتە چەوتەیدا بخشێنێتەوە**

# تەنها لەمساڵدا، ٦٠٠ پەنابەری کورد رەوانەی هەرێم کراونەتەوە

## دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراق لەئەوروپا بۆ ئاڵای ئازادی

**دیداری: هێرش شۆڕش**

لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئاڵای ئازادی، دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراق لەئەوروپا باس لەکێشەو مەینەتییەکانی پەنابەرانی کورد لەوڵاتانی ئەوروپا دەکاتو پێیوایە بەشێکی ئەو دەردەسەریانەش دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێم کە ئاسانکاری بۆ ئەو وڵاتانە دەکات تا رەوانەی کوردستان بکرێنەوە.

**ئاڵای ئازادی:** دەکرێت خوێنەران ئاگاداری دوایین رەوشی ژیانی پەنابەران بن لەوڵاتە ئەوروپییەکان بەگشتیی؟

**دەشتی جەمال:** پەنابەرانی کوردو عێراقی لەبارودۆخیکی ئێجگار دژواردانو بەردەوامیش هەڕەشە لەگرتنو زیندانیکردنی پەنابەرانو پەیڕەوکردنی سیاسەتی گێڕانەوەی بەزۆر بۆ کوردستان دڵەڕاوکێیەکی گەورەی بۆ پەنابەران دروستکردووەو بۆتە بەڵایەکی ترسناک بەسەر هەموو ئەو پەنابەرە کوردانەی تائێستا داوای پەنابەرییان رەفزکراوە یان ئەوانەی بەنیوە ناچڵ مانەوەی کاتییان پێدراوە لەوڵاتانی ئەوروپا، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایدا زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکان هەمویان یەک سیاسەت لەبەرامبەر پەنابەرانی عێراقی بەگشتیو پەنابەرانی کورد بەتایبەتی پەیڕەو دەکەن کە ئەویش بانگەوازی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانە. لەلایەکی تریشەوە ئەم دەوڵەتانە سیاسەتی کەمپسازیو دابڕانی پەنابەرانیان لەژیانی کۆمەڵگا گرتۆتەبەرو لەولاشەوە گرتووخانەی دەستبەسەریان دامەزراندووە. ئەمە وێڕای ڕاگرتنی داوای مافی پەنابەری، گرتنو راونانی پەنابەران.

زۆرێک لەپەنابەرانی کوردیش بەهۆی هەڕەشەی گرتنەوە، ماڵو شوێنی حەوانەوەیان جێهێشتووەو سەفەرو هاتنە دەرەوەی خۆیان راگرتووە، بەتایبەتی کە هەندێک لەوان لەکاتی هاتووچۆی نێو شارەکاندا گیراون، ئەم هەڵمەتانەش زیاتر ئەو پەنابەرانە دەگرێتەوە کەبەدوای بڕینی سۆسیالو لێسەندنەوەی خانوو هەروەها بێبەشکردنیان لەخزمەتگوزاریو تەنانەت مافی گرتنی پارێزەریشدا دەستی بۆبراوە. ئەمانە پەنابەرانێکن کە داوای مافی پەنابەرییان رەتکراوەتەوە یان کەیسەکانیان داخراوەو داوایان لێکراوە کە ئەم وڵاتە جێبهێڵنو پەیوەندی بەڕێکخراوی (IOM)بکەن بۆ ناردنەوەیان، پەیڕەوکردن لەبڕیاری رەفزی بەکۆمەڵ بەتایبەتی بۆ پەنابەرانی کورد، حاڵەتێکی بەردەوامە.

**ئاڵای ئازادی:** کەواتە ئێستا ئەو پەنابەرە کوردانە بێبەشن لەهەموو خزمەتگوزارییەک؟

**دەشتی جەمال:** ئێستا بێبەشن لەهەموو خزمەتگوزارییەک، وەک بڕینی سۆسیالو لێسندنەوەی خانووبەرەو دانی ڤاوچەرو رێگەنەدان بەکارکردنو خوێندنو هەرجۆرە خزمەتگوزارییەکی کۆمەڵایەتی بەپەنابەران، کە پێشتر هەموو ئەو خزمەتگوزاریانە وەک مافێکی مرۆیی پەیڕەودەکراو پەیوەندی بەباری داوای پەنابەرێتییەوە نەبوو.

بەڕێوەبردنی سیستەمی ئیمزاکردنی هەفتانە یان مانگانە بۆ پەنابەران یان رێگەنەدان بەهاتووچۆی پەنابەران لەنێوانی شارەکان، دەبێ بەرەزامەندی پۆلیس بێت، ئەم سیستەمە وێڕای ئەوەی دەستو پێی پەنابەرانی بەستووەو ئازادی هاتووچۆو نیشتەجێبونیانی لێسەندونەتەوە، ئەو حاڵەتەشی پێکهێناوە کە هەرکاتێک پۆلیس بیەوێت دەستگیریان بکاتو بیانکاتە بابەتی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران.

ئەو پەنابەرانەشی کەشانسیان بووەو داوای مافی پەنابەرییان پەسەندکراوە لەگەڵ کۆمەڵێک یاساو بڕیاری سەخت بەرەو ڕووکراونەتەوە، لەوانە: رێگەنەدان بەهێنانی خێزانو هەڵوەشاندنەوە یاسای شەملی عائیلەو دانانی دەیان بڕیاری جۆراجۆر وەک: جیاکردنەوەی خێزانەکان لەیەکتری.. ئەمە وێڕای ئەو سەختگیریانەی کە لەسەر رێگای پڕۆسەی پێشکەشکردنی داوای بوون بەهاووڵاتی (ستزن شیپ) لەم وڵاتانەدا خراوەتە بەردەم پەنابەرانێک کە قبوڵیان هەیە.

**ئاڵای ئازادی:** ئێوە فیدراسیۆنێکتان هەیە بەناوی پەنابەران، ئایا ئێوە تا چەند هەوڵتان داوە بۆ بەرگرتن بەو بەزۆر ناردنەوەیە؟

**دەشتی جەمال:** ئێمە بەتەواوی تواناوە لەپێناو کەمکردنەوەی دەردو مەئساتو گیروگرفتەکانی پەنابەران لەمەیدانین دژی ئەو بڕیارو یاسایانەی دژی مافەکانی مرۆڤنو بەوپەڕی تواناوە بەرگری لەمافو حورمەتی مرۆیی پەنابەردەکەینو دژی سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانینو لەو پێناوەشدا کاری ئێمەش لەچەند کەناڵێکەوە ئەکتیڤە، لەوانە: گەیاندنی دەنگی نارەزایەتی پەنابەران بۆناوەندی میدیاکانو ڕای گشتیو پەرلەمانتارەکان تا بەشێوەی جۆراجۆر فشار بهێنین بۆدەوڵەت بۆ پوچەڵکردنەوەی سیاسەتی دژی پەنابەریو پێداگری لەسەر مافو داوکارییەکانی پەنابەرانی کورد. هەر لەو بوارەشدا چەندین شێوازی خەباتو کەمپینکردنمان لەدەستووردایە کە لەنێویدا رێکخستنی خۆپیشاندانو پیکیتو کۆکردنەوەی ئیمزاو ناردنی نامەی نارەزایەتیو گەیاندنی پۆستەرو بەیاننامە تا دانیشتنو رێکخستنی دیداری فەرمی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەنابەریو لێپرسراوانی دەوڵەتدا لەخۆگرتووەو هەموو ئەو شێوازانەش لەکارکردن لەرابردوودا لەلایەن فیدراسیۆنو یەکەی وڵاتەکان پەیڕەوی لێکراوە.

ئەوەش بڵێم کە فیدراسیۆن رێکخراوێکی جیهانییەو لەهەشت وڵاتدا بنکەو نووسینگەو دامەزراوە یان یەکەی نوێنەرایەتی هەیەو بەشێوەیەکی جیهانی کار لەسەر کێشەی پەنابەری دەکات، بێگومان لەو هەوڵانەشماندا دەستکەوتی گەورەمان بەدەستهێناوە کە لەوانەیە لەوەڵامی ئەم پرسیارەی ئێوە نەتوانم بەدرێژی باسی بکەم، بەڵام دەتوانن بەسەردانی ماڵپەرەکان هەواڵەکانی ئێمە بەتایبەتی لەسویسرا تا بەریتانیاو سویدو ئەڵمانیا چاوتان بکەوێت بەخەرمانێکی گەورە لەکاروچالاکی فیدراسیۆن کەچۆن لەپێناو خۆشکردنی ژیانی پەنابەرانو تێکەڵاوبوونیان لەم کۆمەڵگایانەدا ڕۆڵی بەرجەستەی گێڕاوە.

**ئاڵای ئازادی:** ئێوە وەک فیدراسیۆنی پنابەران لەئەوروپا، هەڵوێستی حکومەتی هەرێم چۆن هەڵدەسەنگێنن، کە ئاماژەتان بەزۆرێک لەمەینەتییەکانی پەنابەران کرد؟

**دەشتی جەمال:** بەبڕوای من سیاسەتو مامەڵەیەک کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەژیانو چارەنووسی پەنابەرانی کوردەوە دەیکات، تاوانێکی گەورەیە دەرهەق بەخەڵکی کوردستانو ئاکامی زۆر زیانبەخشی بووەو دەشیبێت، لەبەرئەوە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەجدی چاوێک بەو سیاسەتە چەوتەیدا بخشێنێتەوە، ئەوان کێشەی پەنابەرانیان کردۆتە کارتێکی سیاسیو بازرگانی بەدەستی خۆیانەوە لەپێناو کردنەوەی ئۆفیسێکی رەمزی ئەم وڵاتانە یان گرێبەستێکی بازرگانی بۆ کەلەکەی سەروەتو سامانی زیاتر لەسەر حسابی خەڵکی کوردستان، هەر لەوبارەیەوە خەڵکی پەنابەر ئاگاداری ئەوەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕەسمی وتەبێژیان رایگەیاندووە ئەوان ئامادەنین بەخاتری پەنابەران رەوشی کوردستان خراپ بکەن، واتە راستییەکانی واقعی ژیانی خەڵکی کوردستانو ناتەواویەکانی خۆیان ئاشکرابکەن، ئەوان ئامادەنین بڵێن کوردستان نائەمنە یان ئەوە قبوڵبکەن کە خۆیان بەم رۆژگارە کوردستان بەبەشێک لەعێراقی فیدراڵ ناوزەد بکەن، واتە لەعێراقێکی نائەمنو ناجێگیر کە بەئیعترافی ناوەندە جیهانیەکان نائەمنترین شوێنی دنیایەو وڵاتێکی داگیرکراوە کە بچوکترین رێزی مرۆیی جێگای تیانابێتەوە.

ئەمەش وێڕای ئەوەی کە کوردستان نەدەوڵەتەو نەبەشێکە لەدەوڵەتێکی جێگیرو رۆژانەش هەڕەشەی وڵاتانی دراوسێی لەسەرە، خۆ ئەگەر گریمان ئەو قسەی ئەوان وایە کوردستان ئارامە، ئەی ئەو هەموو گەنجە بەلێشاو بۆ کوردستان جێدەهێڵن؟ بەڵام با راستییەکان بەچەند خاڵێک روونبکەمەوە:

١ـ لەچەند ساڵی رابردوودا ئەم حزبانە مەسەلەی پەنابەرانیان بۆ مەبەستی شەرعیەتدان بەدەسەڵاتیانو رەواج پێدانی لەنێو موناسەباتی دەوڵەتاندا بەکارهێناوەو لەهەموو دانیشتنو دیدارەکانیاندا لەگەڵ وەزارەتخانەو کونسوڵیەی دەوڵەتانی ئەوروپادا رێنیشاندەری گێڕانەوەی پەنابەرانو بەرگرتنیان بوون بۆ هاتنە دەرەوەی پەنابەران.

٢ـ بەبەڵگەوە لامانە، حکومەتی هەرێم زانیاری لەسەر کەیسی ئەم پەنابەرانە خستۆتە ئیختیاری ئەم وڵاتانەوە تا بیاننێرنەوە لەوانە: کۆپیکردنی پاسپۆرت تا پێشکەشکردنی زانیاری لەسەر ئەوانەی کە لەدەرەوەن، ئەمانە هەموویان ئاسانکارین بۆ دەستگرتنی دەوڵەتانی ئەوروپا بۆگێرانەوەی پەنابەران.

٣ـ خستنە ئیختیاری فرۆکەخانەی هەولێرو سلێمانی بۆ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران.

٤ـ وەرگرتنەوەی پەنابەرانی بەزۆر نێردراوە.

٥ـ بچوکترین نارەزایەتی فەرمی رووبەڕووی ئەو وڵاتانەی پەنابەرانی کورد بەزۆرو ئیهانەو کەلەپچەدەنێرنەوە نەکردووە، نەک هەر ئەمانە، بەڵکو پێشوازیکردنی دەزگاکانی پاراستن لەفرۆکەخانەکانو شەقکاریکردنی پەنابەرانی بەزۆر نێردراوە کە حاڵەتێکی شازە لەدنیادا کە حکومەتێک بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتی خۆی بکات.

٧ـ کردنەوەی نوسینگەی رێکخراوی (IOM)لەهەولێر.

هەموو ئەمانە ئەوە نیشاندەدەن کە حکومەتی هەرێم سیاسەتێکی هەڵەو نادروستی لەبەرامبەر کێشەی پەنابەرانی کورددا گرتۆتەبەر.

**ئاڵای ئازادی:** ئێوە لەگەڕانەوەتاندا ماوەیەک لەمەوبەر سەردانی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانتان کرد لەشاری هەولێر، لەو دانیشتنەدا بەڵێنی چیتان پێدرا، یان هیچ کام لەو بەڵێنانە جێبەجێکرا؟

**دەشتی جەمال:** ئەوان هیچ بەڵێنێکیان بەئێمە نەدا، لەدیداریشم لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەموو راستییەکانی ژیانی پەنابەرانو ئەو رێککەوتنانەش کە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو وڵاتی بەریتانیا ئیمزاکراوە خستمە بەردەمیان، دیارە پێشتریش فیدراسیۆن بەنامە ئاراستەی کردبوون لەهەموو ئەو نامەو دیدرانەدا داوامڵێکردن بەچاوێکی مەسئولانە لەو کێشەیە بڕوانو کۆبوونەوەیەک لەپەرلەمان دابنێن بۆباسکردن لەدۆخی پەنابەرانی کورد، ئەگەرچی چەند ئەندام پەرلەمانێکو لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان پشتیوانییان لێکردین، بەڵام ئەوان ئەم پێشنیارەیان وەرنەگرت.

**ئاڵای ئازادی:** کام لەوڵاتە ئەوروپییەکان مامەڵەیەکی رەق پەیڕەو دەکات لەگەڵ کەیسو کێشەی پەنابەراندا؟

**دەشتی جەمال:** لەدەهەی کۆتای سەدەی بستەمەوە، گۆڕانێکی گەورە بەسەر سیاسەتی پەنابەری وڵاتانی ئەوروپادا هاتووە، ئەمەش بەبڕوای من ئەڵقەیەکی تری ئەو جەنگەیە کە باڵی راستی ئەم وڵاتانە بەدوای ئاڵوگۆڕەکانی دوای جەنگی سارد بەکاریدەبەن، گەشەی راسیزمو نەژادپەرستی کە کراوەتە یەکێک لەبناماکانی ئایدۆلۆژێتی حزبەکانی حاکم لەو وڵاتانە، هێرش بۆ سەرمافو ئازادییەکانیو دەستکەوتەکانی ئەم کۆمەڵگایانە لەپاڵ ئەوەدا توندکردنەوەی سیاسەتی دژی پەنابەریو پەشیمانبوونەوە لەبڕیارنامە جیهانییەکان، درێژکراوەی ئەم سیاسەتەی وڵاتانی ئەوروپایەو بەتایبەتی رووداوی ١١ سێپتەمبەرو جەنگەکانی بەدواییدا هات، رۆژ بەڕۆژ کاریگەری بووە لەسەر گەشەی ئەم ڕاستیەو گەشەی راسیزمو بەجۆرێک فاشیزمیش کە هەموو ئەم ئاڵوگۆڕانە زۆر فاکتەری کۆمەڵایەتیو سیاسی هێناوەتە پێشەوە، بزووتنەوەی پەنابەریش پێیناوەتە قۆناغێکی تری سەختو دژوار، بەکورتی بڵێم زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا سیاسەتی خۆیان توندکردۆتەوە بەرامبەر بەپەنابەران بەتایبەتی بەریتانیا دوای رووداوی (حەوتی جولای) کەلەلایەن تیرۆریستانی ئیسلامییەوە لەلەندەن بەڕێوەچوو هاوکێشەکان بەتەواوی بەقازانجی دەوڵەتو بەزەرەری خەڵک گۆڕان، لەلایەک دەوڵەت بەبەهانەی گرتنی تیرۆریستانو ئەمنیەتەوە کەوتە پەلاماری مافە مەدەنییەکانی خەڵکو کۆمەڵە بڕیارێکی بەدژی پەنابەرانی دانیشتووی بەریتانیا هێنایەکایەوەو لەلایەکی تریشەوە رۆژنامەنووسو دەزگاکانی راگەیاندنی سەربەدەوڵەتیش کەوتنە دەستپێکردنی مانۆڕێکی تەبلیغاتی نەژادپەرستانە بەدژی خەڵکی بیانیو دەوڵەتیش ئەو فرسەتەی قۆستەوە بۆ هێرشکردنە سەر پەنابەرانو مافی پەنابەرێتی کەسەرەنجام هەڵمەتی گرتنو دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی بەشێوەیەکی فراوان لێکەوتەوە، بەدوای ئەوەشدا حکومەتی سویدی لەشوباتی ئەمساڵدا لەبەغدا رێککەوتنێک لەنێوان نوێنەری حکومەتەکەی مودراتی سویدو وشیاری زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق ئیمزاکراو لەو رۆژەشەوە حکومەتی سویدییش سیاسەتی خۆی توندکردۆتەوە بەرامبەر بەپەنابەرانو حکومەتی ئەڵمانیاو وسویسراش هاوشێوە سیاسەتی دژی پەنابەری پەیڕەو دەکەن.

**ئاڵای ئازادی:** پێشتر باسی کارو چالاکییەکانی خۆتانتان کرد لەوڵاتانی ئەوروپا بەتایبەتی مانگرتنو خۆپیشاندان، تەواوی ئەو وڵاتانەش باس لە دیموکراسییەتو ئازادی دەکەن، ئایا ئەو چالاکییانە هیچ کاریگەرییەکی دەبێ لەسەر کێشەی پەنابەران؟

**دەشتی جەمال:** خۆپیشاندانو مانگرتنو کۆبوونەوەی جەماوەری، هەموو ئەمانە ئامرازێکی کاریگەرن بۆ داسەپاندنی خواستەکانی پەنابەران، بەڵام لەدەوری کاری رێکخراوەییو رێکخرابوون، بەداخەوە ئێمە لەرۆژگارێکدا خەریکین ژیان بەسەردەبەین بۆ زەرەیەک بەدەستهێنانی مافو ئازادیەکانت پێویستە خەبات بکەیت، ئێمە لەکۆمەڵگایەکی چینایەتیدا ژیان بەسەردەبەین کە کەمایەتیەکی کەم موقەدەراتو چارەنووسی ئێمەو نەوەیەکی دواتریان سپاردووە بەژیانی مەمرەو مەژی، ئێمە وەک رێکخراوەیەکی بەرپرس بەرامبەر بەژیانو چارەنووسی پەنابەران، هەمیشە بڕوامان وابووە رێگای دروستو واقعی ئەوەیە لەناوەوە، واتە لەعێراق بارودۆخی ئێستای عێراق بگۆڕێت هیچ کەس ناچارنەبێت ئەو رێگا پڕ چەرمەسەریە بگرێتە بەر لەپێناو ژیانێکی ئارامو ئینسانی، ئێمەش بەخەڵکمان بوتایە جا وەرن لەگەڵ خەباتو تێکۆشانێک بن کە کەخەڵکی کوردستان لەئەمڕۆ بەسبەیە رزگار دەکات، رێگا ئەوە نییە بێنە دەرەوەو هاتنە دەرەوە رێگایەکی پڕ لەناخۆشییە، بەڵام واقعیەتێک لەچەند ساڵی رابردوودا لەکوردستان دەچێتە پێش بەدەر لەویستو ئیرادەی ئێمە خەڵکی بەلێشاو روو لەهەندەران دەکاتو ئێمەش بۆ کەمکردنەوەی کێشەو دەردەسەریەکانی پەنابەرانو بەرگری لەمافو رێزی مرۆییان رێکخراومان دامەزراندووەو خوازیاری ئەوەشین پەنابەران وەک مرۆڤێک بەناونیشانی هاووڵاتی یەکسانی ئەم کۆمەڵگایانە مافی نیشتەجێبوونیان هەبێ، پێموایە رێکخراوەیەکی وەک ئێمە مرۆیی، لەئەجندەی هیچ یەک لەحزبو رێکخراوە سیاسییەکانی تریدا بەدیناکرێت، پێچەوانە بەئەحزابی ناسیۆنالیستو قەومیو ئیسلامییەکان کە لێرەش پەنابەران دەبەنەوە نێو خۆیان، جیایان دەکەنەوە لەم کۆمەڵگایانەی تێدا ژیان بەسەردەبەن ئێمە هەوڵدەدەین هێزی پەنابەر، رێکخراو یەکگرتوو بکەین بێشک کاری رێکخراوەییو خۆپیشاندانو مانگرتنو ئەبزارەکانی تری نارەزایەتی لەچەند ساڵی رابردوودا دەستکەوتی گەورە گەورەی بووە بۆ پەنابەران.

**ئاڵای ئازادی:** تائێستا ژمارەیەک پەرلەمانتاری ئەوروپی پەیوەندییان پێوەکردوونو هاوکاری خۆیان بۆ کێشەی پەنابەران راگەیاندووە، ئایا ئەوانە تاچەند کاریگەرییان دەبێت لەنێو پەرلەمانەکانی خۆیاندا، ئەگەر کاریگەرییان هەیە بۆچی دیپۆرتی پەنابەرانو بەوتەی ئێوە سوکایەتیکردن پێیان بەردەوامە؟

**دەشتی جەمال:** بەبڕوای من تەوازنی هێز هێشتا بەقازانجی باڵی راستە بەداخەوە کەوایە، بەڵام هاوکات ژمارەیەک لەو پەرلەمانتارانەی کە پشتیوانی کەمپینی ئێمەیان کردووە، لەدەورەی رابردوودا کاری ئێجگار گەرەیان بۆ ئێمە ئەنجامداوە، ئەگەر ئەمکارو هەڵوێستە لەخۆ بردویانەش نەبوایە، لەوانەیە زۆرزووتر هیچ کەسیان لەو وڵاتانە نەدەهێشت بەتایبەتی ئەوانەی داوای پەنابەریان رەتکراوەتەوە رێگاچارەیەک کە ئێمە لەکۆبوونەوەکانی پەرلەمانو دیدار میتینگەکانمان داومانە لەسەر دیاردەی پەنابەریو رەوشی سیاسی عێراقو کوردستانو مافەکانی خەڵکی کوردستان سەد بەرابەر جیاوازبوو لەتەسویرێک کە ئەحزابی ناسیۆنالسیتی کورد لەدەرەوە داویانە لەسەر خەڵکی کوردستان، ئەوان هەمیشە چوونەتە بەردەرگای سەفارەتو وەزارەتەکانی ئەو وڵاتانەو پشتیوانی سیاسەتی ئینسان کوژیو بۆمبارانی خەڵکی عێراقو سیاسەتی ئەمریکایان داوە کە بەپێچەوانە بەسەدان لەخەڵکی ئازادیخوازو مرۆڤدۆستی ئەو وڵاتانە دژی سیاسەتی شەرخوازی ئەمریکابوون، ئەوان دەهۆڵیان بۆ دەکوتی، ئەوان دەڵێن کوردستان ئارامەو هەموو شت ئەمنو ئەمانەو دیموکراتی هەیەو مافی مرۆڤ هەیە، بەپێچەوانەوە ئێمە راستیەکانی پشت ئەم بەردەیەمان ئاشکراکردووە، رێگای واقعی پشتیوانی لەبزووتنەوەی مرۆڤدۆستیو ئازادیخوازی خەڵکی کوردستانو بەرگری لەمافەکانی ژنانو پەنابەرانمان خستۆتە ئەجندەی سیاسی ئەم پەرلەمانتارانەوە داوامان لێکردون لۆبیمان بۆ بکەنو پشتیوانی پەنابەران بکەنو پشتیوانی خەڵکی کوردستان بکەن کە بەدروست کارێکی لەو شێوەیە دەستکەوتی گەورە گەورەی بوو بۆ باشکردنی رەوشی پەنابەران و رزگارکردنی ژیانی دەیان پەنابەر.

**ئاڵای ئازادی:** لەکاتی دیپۆرتی پەنابەرانی کورددا بۆ هەرێمی کوردستان، دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئەو پەنابەرانەی دیپۆرت دەکرێنەوە لەسەر کێشەیەکی تایبەتیی دیپۆرت دەکرێنەوەو هیچ پەیوەندی بەداواکردنی مافی پەنابەرییەوە نییە، ئەو دەنگۆیانە تا چەند راستن؟ ئایا هیچ کێشەیەک هەیە، یان ئەو وڵاتانە بۆچی تۆمەتی ناڕاستو نادروست پێکدێنن؟

**دەشتی جەمال:** بەبراوی من ئەوە تۆمەتێکەو قسەیەکی پوچو بێبناغەیە لەسەر ژیانی پەنابەران باسدەکرێت، لەوە پوچتر سیاسەتێکە کە ئەو وڵاتە ئەوروپیانە بەبەهانەی ئاوەدانکردنەوەو ناوزەدکردنی ئەمنیت بەوە تەبریر دەکەن، هەموو کەس ئەو راستیە باشدەزانێ خەڵکی عێراقو کوردستان لەخۆشیدا هەڵنەهاتوون، ئەم دەوڵەتانە هەموو جارێک لەپەلاماردانەکانیدا بۆسەر پەنابەران تەبریریک دەهێننەوەو دەڵێن ئەم پەنابەرانە بەپێی یاسا مامەڵەیانکراوەو نەیانتوانیوە بیسەلمێنن پەنابەرن کە لەکاتێکدا کێشەی پەنابەرانی عێراقی پێشئەوەی کێشەیەکی یاسایی بێت، کێشەیەکی سیاسییەو پێویستە بەو ئاراستەیەدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، زۆر نمونە هەیە من لێرە باسی بکەم، بەدوو هەفتە پێش رووخانی رژێمی سەدام، کەیسی هەموو پەنابەرانی عێراقیان راگرتو دواتر دەستیانکرد بەڕەفزی بەکۆمەڵ، بەبێ تەماشاکرنی کەیسەکانی پەنابەران لەبەریتانیا، ئینجا پرۆژەی بەناو ئارەزوومەندانەیان هێنا لەسویدو دوو ساڵ پێش ئێستا ١٤٠٠ کەیسی پەنابەری کورد وەڵامیان پێدرا، بێ تەماشاکردنی کەیس ئێستا بەبڕیارێکی تر دەڵێن هەموو بڕۆنەوە کوردستان ئازادە، ئەمانە هەموو تەبریراتن، ئەگەر کێشەی بۆ نمونە تاوانیان هەیە بۆ بەیاسای ئەو وڵاتە دادگایی ناکرێن، ناردنەوە یەعنی چی؟ بەبڕوای من بەم ئیدعایانە گەرەکیانە بڵێن ئەوانەی رەوانە دەکرێنەوە تاوانکارن ئەمەش بەڕاستی تەفسیرێکی نادروستی ئەم لایەنانەیە کە دژی پەنابەرن.



دەشتی جەمال

**ئاڵای ئازادی:** هیچ ئامارو داتایەکتان لایە، تەنها لەمساڵدا چەند پەنابەر رەوانەی کوردستان کراونەتەوە؟ یان لەسەر گیان لەدەستدانی پەنابەران لەتاراوگە؟

**دەشتی جەمال:** دیارە بەپێی ئەو ئامارانەی لای ئێمە ناونووسکراوە، زیاتر لە٦٠٠ پەنابەر تائێستا بەزۆرەملێ رەوانەی کوردستان کراونەتەوە، ئەوانەی گیانیان لەدەستداوە بەداخەوە نزیک بە٥٠ پەنابەرن لەرێگای سەختو پرمەترسی گیانیان لەدەستداوە، ئێمە پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکارو دۆستانو ئازیزانیان دەکەین.

**ئاڵای ئازادی:** مامەڵەی وڵاتانی ئەوروپی لەگەڵ کورداندا، هیچ جیاوازییەک هەیە لەنێوان کوردی باکورو باشوورو رۆژئاواو رۆژهەڵات؟

**دەشتی جەمال:** نەخێر، سیاسەتی دژی پەنابەری ئەم وڵاتانە چونیەکە، جیاوازییەک هەبێ لەئاسانکاری بەڕێوەچوونی خێرای پرۆسەکەیە کە بەداخەوە حکومەتی عێراقیو حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاسانکاریان بۆ دەکەن، بەمەش ئەو پرۆسەیە خێراتربووە واتە ناردنەوەی پەنابەران.